# ئایا دروستە لەکاتی دووعاکردندا بڵێیت الله لێم خۆشبە ان شاء الله یان الله ڕزقم بە ان شاء الله

## پرسـار

وەڵام دراوەتەوە لە لایەن

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی

شارەزووری

# قال رسول الله ﷺ

رواه البخاري (7477) ، ومسلم (2679)

لا يقل أحدكم: اللهم اغفر لي إن شئت، اللهم ارحمني إن شئت، وليعزم في الدعاء فإن الله لا مُكرِه له

واتا : هیچ یەکێ لەئێوە با نەڵێت پەروەردگارا لێم خۆش بە ئەگەر ئەتەوێ ڕەحمم پێ بکە ئەگەر ئەتەوێ بەڵکو پێداگری بکەن لەپاڕانەوەدا چونکە کەس نیە الله تعالى ناچار بکات .

— واتا کەتۆ بڵێی یاالله ڕەحمم لێ بکە ئەگەر ئەتەوێ جۆرێکە لەبێ منەتی بەرامبەر الله بەڵکو بپاڕێوە وپێداگری بکە کەالله ڕەحم ـت پێ بکات وەک داواکردنی هەژارێکی زۆر پێویست کاتێ داوای پێویستیەک لەگەورەکەی خۆی ئەکات

واتا ان شاء الله بۆئەوەیە کە کاتێ الله ئەیکات بەپاک بونەوە بۆت کە ئارامگربی لەسەر نەخۆشیەکەت تاچاک ئەبیتەوە هەربۆیە ان شاء الله ی بەکارهێناوە چونکە تەنها الله ئەزانێ ئەم کەسە

**خۆڕاگر ئەبێت**

یــان

**ڕازی نابێ**
**بەفەرمانی الله**

**قال الملا علي القاري رحمه الله**

مرقاة المفاتيح" (2/1123)

"( طَهُورٌ ) " أَيْ: لَا مَشَقَّةَ وَلَا تَعَبَ عَلَيْكَ مِنْ هَذَا الْمَرَضِ بِالْحَقِيقَةِ ; لِأَنَّهُ مُطَهِّرُكَ مِنَ الذُّنُوبِ. (إِنْ شَاءَ اللَّهُ) : لِلتَّبَرُّكِ أَوْ لِلتَّفْوِيضِ أَوْ لِلتَّعْلِيقِ، فَإِنَّ كَوْنَهُ طَهُورًا مَبْنِيٌّ عَلَى كَوْنِهِ صَبُورًا شَكُورًا.

واتا : ماندوی و قورسی لەسەرت نیە بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە چونکە ئەمە لەتاوان پاکت دەکاتەوە ئەگەر الله ویستی لێ بێت جا ئەم ان شاء الله بۆ پیرۆزکردنە یان بۆ گەڕانەوەیە بۆلای الله واتا کاتێ ئەم نەخۆشیە پاککەرەوەی تۆیە لەتاوان کەئارامگر وسوپاس گوزاربیت تاکۆتایی نەخۆشیەکە .

— بۆیە ئەمە جیاوازە لەوەی داوا لەاللە بکەی چونکە نەخۆشی پاک بونەوەیە لەتاوان بەڵام بۆهەموو کەسێ نا بەڵکو بۆکەسێ کەاللە خۆی ویستی لەسەری هەیە بۆیە لێرەدا ویستی اللە ـی بەکارهێناوە

— چونکە هەواڵدانە لەسەر بابەتێک کە غەیب ـە وپەنهانیە اللە نەبێت کەس نازانێ ئەو نەخۆشیە پاک بو نەوەی گوناهە بۆ ئەوکەسە یان سزایە بۆیە ئومێد و ان شاء اللە ـی تێدا بەکارهێناوە .

واتا ان شاء الله بۆئەوەیە کە کاتێ الله ئەیکات بەپاک بونەوە بۆت کە ئارامگربی لەسەر نەخۆشیەکەت تاچاک ئەبیتەوە هەربۆیە ان شاء الله ـی بەکارهێناوە چونکە تەنها الله ئەزانێ ئەم کەسە

**خۆڕاگر ئەبێت**

یــان

**ڕازی نابێ بەفەرمانی الله**